نێچیرڤان بارزانی پێرۆزبایی لە یەکێتیی نووسەران دەکات

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، پێرۆزبایی لە یەکێتیی نووسەران دەکات.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە:-لە یادی پەنجا و چوار ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورددا، بە گەرمی پێرۆزبایی لە نووسەرانی کورد دەکەم، هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی بەردەوامیان بۆ دەخوازم. بە ڕێز و پێزانینەوە لە ڕۆڵ و خزمەتی پێرۆزیان بۆ بەرەودان بە زمان و وێژەی کوردی دەڕوانم.

ئاماژەی یەوکرد,,نووسەرانی دەسزی کورد هەمیشە بە هۆشیاری و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، لەنج و خزمەتکی زۆریان کردووە و هەوڵی بەردەوامیان بۆ چەسپاندنی بەهاکانی پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن و لێبوردەیی داوە.

هەر لە راگەیەندراوەکدا هاتووە:-سڵاو لە گیان و یادی ئەو کەڵە نووسەرانەی بە خزمەت و بەرهەمەکانیان هەمیشە لە بیری ئێمەدا دەمێننەوە و بە ڕێزەوە یادیان دەکەینەوە.